# شوناسی کوردبوونی هۆزی ڕەوادی و جیاوازیی لە هۆزی ڕەووادی ئەزدی عەرەبی و موسافیرییەکان (٣٣٧-٤٦٣ک/٩٤٨-١٠٧١ز)

مەریوان عبدول عبدالله حمەرشید
mariwan.hamarashid@univsul.edu.iq
مامۆستای یاریدەدەر/ زانکۆی سلێمانی -کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سیدصادق

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوەکە**

توێژینەوە لەبارەی مێژووی کورد لەسەردەمە ئیسلامییەکاندا تەمومژی لەسەرە، بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی لاوەکی و لە چوارچێوەی دەوڵەتی خیلافەتدا باسیان لە مێژووی کورد کردووە. مێژووی بنەماڵەی ڕەوادییش دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە، زانیارییەکان لەسەری کەمن و تەمومژی لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا ساغکردنەوەی مێژووی ئەم هۆزە جێگەی بایەخە، چونکە یەکێکە لە هۆزە گرنگەکانی کورد.

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لە ڕەچەڵەکی هۆزی ڕەوادییەکان بکۆڵینەوە، کە یەکێک بوون لە هۆزە بەناوبانگەکانی کورد و میرنشینێکی بەهێزیان دامەزراندووە و سەرچاوە مێژووییەکانیش ڕەچەڵەکی گەورەترین سەرکردەی جیهانی ئیسلام و کورد کە (سەلاحەدینی ئەیوبی)یە دەگەڕێننەوە بۆ ئەم هۆزە کوردییە، بەڵام ڕەچەڵەکی هۆزی ڕەوادی تێکەڵکراوە بە ڕەچەڵەکی دوو بنەماڵە کە لە سەردەمێکی نزیک و ناوچەیەکی نزیک لە ڕەوادییەکان ژیاون و ڕۆڵی سیاسییان گێڕاوە، کە ئەوانیش بنەماڵەی ڕەووادی ئەزدی عەرەبی و بنەماڵەی موسافیرییەکانن، لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لە ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان بکۆڵینەوە و بۆچوونی هەندێک لە مێژوونووسان لەمبارەیەوە بخەینە ڕوو.

**پێشەکی**

لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد، دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچە کوردییەکان زۆر گرنگە، چونکە پێویستمان بە شارەزابوونە لەو سەردەمانەی مێژووی کورد، کە لە سەردەمی ئێمەوە دوورن لەڕووی زەمەنەوە، بەڵام زۆر گرفتیشی لەبەردەمدایە، بەهۆی کەمی زانیارییەکان لەسەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامییدا، پاشان تێکەڵبوونی چەند گەلێکی جیاواز لە ناوچەی نیشتەجێبوونی کوردان.

ئەوەی ئێمە ویستومانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ڕەچەڵەک و ڕیشەی بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانییە، کە لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەبووە لە ئازربیجان، بەڵام بەهۆی کەمی زانیارییەکان لەسەریان لەسەرچاوەکاندا بەچاو گەورەیی و بەهێزی دەسەڵاتیانەوە، هەندێک تێکەڵکردن و هەڵە لە بارەی ڕەچەڵەکیانەوە لەلایەن مێژوونووسانی دێرین و نوێوە کراوە، ئەمەش تەمومژێکی لەسەر مێژووی ئەم میرنشینە و بنەماڵە فەرمانڕەواکەی دروستکردووە. ئێمە هەوڵمان داوە هەندێک لە بیروبۆچوونی هەندێک لەو مێژوونوسانە لەم توێژینەوەیەدا بخەینە بەر باس و ڕەخنەیان لێبگرین و شەن و کەویان بکەین و دەست لەسەر هەندێک لایەن دابنێین، کە ئێمە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان پێیان گەیشتووین.

گرنگی باسیی ڕەوادییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم بنەماڵەیە و میرنشینەکەیان یەکێکن لە بنەماڵە دێرینەکانی کورد و میرنشینەکەشیان بە یەکەم میرنشینی کوردی سەربەخۆ دادەنرێت لە دوای هاتنی ئیسلامەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردی لە

sjh@univsul.edu.iq

پێش ڕەوادییەکانیش هەبووە، وەک دەیسەمی کوردی و عەیشانییەکان، بەڵام وەک دەسەڵات و میرنشینی سەربەخۆ ڕوادییەکان بە یەکەم میرنشین دادەنرێت.

لەڕاستیدا میرنشینی ڕەوادی کاری لەسەر کراوە و لە چوراچێوەی چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا تەوەرێک یان بەشێکی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لێکۆڵینەوەیەک تایبەت نەکراوە بە خودی ڕەوادییەکانەوە تا بە وردی هەموو لایەنەکانی ئەم میرنشینە و بنەماڵەکەیان شیبکاتەوە و ئەو ئاڵۆزی و تەمومژەی لەسەریەتی کەم بکاتەوە.

خوازیارم ئەم توێژینەوە بچوکە سوودێکی هەبێت و توانیبێتمان هەندێک زانیاری بەکەڵک ئەگەرچی کەمیش بیت لەسەر ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان پێشکەش بکەین.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی شیکارییمان بەکارهێناوە، کە کارمانکردووە بۆ دارشتەنەوەی زانیارییەکان بە پێی ڕێبازیی مێژوویی و بەکارهێنانی شێوازی زانستی، پاشان شیکردنەوەی زانیارییەکان و ڕاڤەکردنیان و بەراوردکردنیان.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوەیە لە ڕەچەڵەک و ڕیشەی بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانیی، کە لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەبووە لە ناوچەی ئازربیجان، کە تەمومژێک دروستبووە لەسەر بنەڕەتی ئەم بنەماڵە و میرنشینەکەیان.

**یەکەم: زاراوەی شوناس و کوردبوون**

**شوناس:** شوناسی شتێک بریتییە لە خودێتی و تاکەنەیی و کەسێتی و تایبەتمەندییەکان و بوونە تاکانەکەی(الحفني، 2000، ص911). شوناس تایبەتە بە مرۆڤ و کۆمەڵگاوە، تاکەکەس و کۆمەڵ، بابەتێکی مرۆیی پوختە، کە مرۆڤ هەست بە جیابوونەوە یان باڵایی دەکات، شوناس ئەوەیە کە خودی مرۆڤ هاوڕێک بە خودی خۆی بێت، لەبەرامبەریشدا نامۆبوون هەیە، کە بریتییە لە خۆنەبوون(الحنفی، 2012، صص11-١٢). ئەوەی گرنگە لە شوناسدا خۆبوونە و دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینەیە، خراپی بێشوناسی یان ونکردن یان لێونکردنی شوناس، لەوەدایە سەرلێشێوانی بوونگەرایی و لەخۆ نامۆبوون دروست دەکات، جا لەلای تاک بێت یان لەلای کۆمەڵ بێت.

زمان و خو و نەریت و ڕۆشنبیری و کەلتوور، بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەتیش زارەکی لە گرنگترین ڕەگەزەکانی شوناسی هەر کۆمەڵێکی جێگیرە.(الجباعی، ٢٠٠٧، ص٢٢). ئەمانەش کە خاڵی جیاکەرەوەن بۆ شوناس، لە ڕەوادییەکاندا بەدی دەکرێت کە بروانرێتە مێژووی ڕەوادییەکان، جگە لە گوزارشتکردنی خۆیان لە شوناسەکەی خۆیان، مێژوونووسانیش جەختیان لەو شوناسە کردۆتەوە، کە شوناسی کوردبوونیانە.(ابي شامه،١٩٩٧، ج1/ص403؛ المقریزي، ١٩٩٧، ج١/ص١٤٩؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ج١٦/ص١٢٦، و الذهبي، ١٤١٣ه، ج٢٠/ ص٥٨٨. )، کە خاڵی جیاکەرەوەیان بووە لە شوناسە جیاوازەکانی تر.

**کوردبوون:** لێرەدا کە زاراوەی کوردبوون بەکار هاتووە، مەبەست لێی بوونی سروشتی کۆمەڵە کەسێکە لە ناو بوونی ڕەچەڵەکی کورددا، کوردیش وەک نەتەوە و ڕەگەزێکی جیاواز لە نەتەوە و ڕەگەزەکانی تر وێناکراوە، کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، "بوونی مرۆڤ لەناو ئەو ژینگە سروشتییەدا پەنهانە، کە تیایدا دەژی و مرۆڤ هیچ نییە جگە لە بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی ژینگە سروشتییکەی، هەر لەم ڕوانگەیەوە بوونی نەتەوە دەبەستێتەوە بە سروشتی ئەو ژینگە سروشتییەوە، کە مرۆڤ پێداویستییەکانی خۆی لێوە دەست دەخات"(مستەفا، ٢٠١٨، ل ل ٢٦١-٢٦٢)، ئەوەی مەبەستە لەم توێژینەوەدا،

کوردبوون وەک سروشتێکی ڕەسەنی کۆمەڵە خەڵکێکە بوونیان لە ژینگەیەکی سروشتیدا هەڵقوڵاوە و بەستراونەتەوە بەو ژینگەیەوە، کە تیایدا دەژین و ئەو ژینگەیەش دەیان بەستێتەوە بەهاوڕەگەزەکانی خۆیانەوە.

مەبەست لە کوردبوون لەم توێژینەوەیە، لە ڕووی ڕەچەڵەکەوەیە، کە ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان وەک بەشێکی بچوکە، کە بنەماڵەیەک یان تیرەیەکە، لە هەمووە گەورەکەدا خۆی دەبینێتەوە کە نەتەوەی کوردە، کە کوردبوون و نەتەوەش مەبەست لێی لە ڕووی ئیتنیکی و ڕەگ و ڕەچەڵەک و بنەڕەتەوەیە. کە قۆناغی پێکهاتنی سەرەتایی نەتەوایەتی پێکدێت لەسەر کۆکردنەوەی دەستە کەلتووری و ڕەچەڵەکی و ناوچەیی وزمانییەکان، بۆ دیاریکردنی شوناسی خودی و هەواداری کۆمەڵایەتی کە سەدە مێژووییە نائاراستەکراوەکان پێکیان هێناوە(Geertz, 1973, p239)، کەواتە لەم بۆچوونەدا یان لەم شێوازەی نەتەوایەتییدا ئەوەی کۆکەرەوە و پێکهێنەری نەتەوایەتییە، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک و کەلتوور و زمان پێک دێت لە سەرەتادا، هەر ئەمەشە کە ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی لە نەتەوە، کە کوردبوونی ئەم هۆزە دەچێتە چوارچێوەی نەتەوەی کوردەوە وەک ئیتنیک و ڕەچەڵەکێکی جیاواز لە ئیتنیک و ڕەچەڵەکەکانی تر.

زمان بۆ کورد و بۆ کوردبوونی هەر هۆزێک لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە هۆزێک یان تیرەیەکی کوردی پێبناسرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەکان دیاردەیەکی ئاڵۆزن کە لە فاکتەری ئیتنیکی و جوگرافی و ئەخلاقی و ...هتد پێکدێن. بەڵام کۆمەڵێک هۆکار یان بنەما دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی ببین بۆ بوونی نەتەوەیەک، کە بۆ کورد لەناو ژینگەیەکی گەورەدا پەرت و بڵاو بونەتەوە و لە ڕووی جەستەییەوە جیاوازی زۆر گەورە هەیە، بەڵام هۆکاری بنەڕەتیان بریتییە لە شێوازی ژیان و لەسەرووو هەمووشیانەوە زمانە(مینۆرسکی، ٢٠٠٧، ب١/ل٣٢)، کەواتە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی کوردبوون زمانە، کە پاراستنی زمان دیارترین هۆکارە بۆ مانەوەی کورد و چییەتی کودبوون.

شوناسی کوردبوونیش لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە ئەو ناسێنەر و نیشانانەیە، کە کۆمەڵێکی تایبەتی یان گروپێکی کۆمەڵایەتی پێ دەناسرێتەوە، بەو ناسنامەیە دەگەڕێتەوە بۆسەر نەتەوەی کورد و شوناسەکەی دیاری دەکرێت، کە لێرەدا بەکارهاتووە بۆ تیرەیەکی دیرایکرا و کە تیرەی ڕەوادییەکانە و لەم توێژینەوەدا ئەم ناسنامە و شوناسە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

**دووەم: لەبارەی بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی عەرەبییەوە**

کاتێک دەمانەوێت لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ڕەوادییەکان بکۆڵینەوە توشی هەندێک گرفت دەبین، کە ئەرکەکەمان قورستر دەکات، یەکێک لەو گرفتانە ئەوەیە هەندێک لە سەرچاوەکان تێکەڵییەکیان کردووە لە نێوان خێزانێکی عەرەبی کە بە (بەني الرواد الازدي) ناسراون لەگەڵ بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانی کوردی(مرجونة و سالم، ٢٠١٠، ص ١٢٣). بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت ئایا ئەم بۆچوونە دروستە، کە پێی وایە بنەماڵەی میرنشینی ڕەوادی دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی، پێویستە کورتەیێک لەسەر بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی عەرەبی باس بکەین.

بنەماڵەی ڕەوادی کوڕی موسەنای ئەزدی لە موسڵ بوون، ڕویان کردۆتە ئازربیجان(الازدي، ب.س، ص٩٢) ، ئەوەی کە خاوەنی کتێبی مێژووی موسڵ ئاماژەی پێدەدات، ئەومان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەم بنەماڵەی رەوادی ئەزدییە لە بنەڕەتدا خۆیان لە تەبرێز نەبوون و هاوردەن و لە موسڵەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە.

یاقوتی حەمەوی لەبارەی ئەم بنەماڵەیەوە نووسیوێتی: تەبرێز گوندێک بوو، تائەوکاتەی ڕەوادی کوڕی ئەزد هات لەوێ نیشتەجێ بوو، لە سەردەمی (موتەوەکیل)دا (232-247ك) دەسەڵاتی گرت بەسەر ئازربیجاندا، پاشان وەجنائی کوڕی ڕەواد و براکانی کۆشکیان تێدا دروستکرد و شورایان بەدەوریدا دروستکرد، پاشان خەڵکیش تیایدا نیشتەجێ بوون(الحموي، ١٩٩٥،

ج٢/ص١٣). ئەم ڕیوایەتەی یاقوتی حەمەویش جەخت لەسەر هاوردەبوونیان دەکاتەوە و بە بنەڕەت خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوون و هێنراونەتە ئەو ناوچەیە.

بەپێی ڕیوایەتی یەعقوبی بێت، لەسەردەمی ئەبو جەعفەری مەنسور بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی لە تەبریز نیشتەجێ کراون، کە لەلایەن (یەزیدی کوڕی ئەبو حاتەمی مەهەلەبیی)ەوە لەوێ دانراون، ئەمەش دوای ئەوەی کە یەزید لەلایەن ئەبوجەعفەرەوە دەکرێتە والی ئازربیجان(الیعقوبی، ٢٠٠٢، ج٢/ص٢٥٩). پێدەچێت بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی لە دوای ساڵی(١٣٦ک) بەدواوە هاتبنە تەبریز، چونکە دوای ئەوەی (یەزیدی کوڕی حاتەمی مەهەلەبی) لە لایەن ئەبو جەعفەرەوە دەکرێت بە والی ئازربیجان، یەزید بنەماڵەی ئەزدی لە تەبریز نیشتەجێ دەکات، ئەبوجەعفەریش لەساڵی (١٣٦ک) دەسەڵاتی وەرگرتووە(مسکویە، 2002، ج3/ ص349). ئیبن نەدیم لە فەهرەستدا نووسیوێتی: بۆ ماوەی دوو ساڵ بابەکی خورەمی لەتەبرێز لە ئازربیجان لە لای بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی بووە، کاتێک لەوێ ڕۆشتووە تەمەنی هەژدە ساڵ بووە(ابن ندیم، ب.س، ص٤٦٥).

هەموو ئەو ڕیوایەتانەی هێنامنن چەخت لە شتێک دەکەنەوە، کە ئەم بنەماڵەیە هاوردەن و لەسەردەمێکی دیاریکراودا هێنراون بۆ تەبرێز، بەڵام ئەوەی گرفتە هاتنی ئەم بنەماڵەیە بۆ شوێنێکە، کە نزیکە لە ناوچەی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانی کوردی، کە هەر ئازربیجانە، جگە لەوەی بوونی ناوێکی هاوشێوەی وەک ڕەواد گرفتەکە قوڵتر دەکاتەوە و سەرلێتێکدان و تێکەڵبوون دروست دەکات لە نێوان ڕەچەڵەکی ئەو دوو بنەماڵەیەدا، ڕەنگە لە کاتی خۆییدا ئەم کێشەیە نەبوو بێت و خەڵکی توانیبێتیان جیاوازی بکەن لە نێوان هەردوو هۆزە و ئەندامەکانی ئەو بنەماڵانە، چونکە لە گەڵیاندا ژیاون، بەڵام دواتر لای مێژوونووسان، ئەم تێکەڵییە درووست بووە.

**سێیەم: جیاوازی نێوان بنەماڵەی ڕەوادی کوردی و ڕەوادی عەرەبی**

یەکێک لەو مێژوونووسانەی کە میرنشینی ڕەوادی بە میرنشینێکی عەرەبی دادەنێت ئەحمەد کەسرەوییە کە مێژوونوسێکی ئێرانییە، کەسرەوی لەسەرەتای باسکردنی لە ڕەوادییەکان، نووسیوێتی: پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان هەردوو بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی عەرەبی و ڕەوادی هەزبانی کوردی، بەڵام خۆشی دەکەوێتە ئەو هەڵەیەوە و دواتر کە باس لە میرنشینی ڕەوادی دەکات، بە بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی عەرەبییان دادەنێت، هەر ئەوەی خۆی دەیڵێت: هاوشێوەیی دوو ناو لە ڕواڵەتدا هەندێک لە مێژوونووسانی خستۆتە هەڵەوە، کەچی خۆشی خستۆتە ئەو هەڵەیەوە، جگە لەوە کەوتۆتە هەڵەیەکی ترەوە کاتێک نووسیوێتی: هەردوو بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی و ڕەوادی هەزبانی لە سەدەی چوارەم و پێنجەمدا لە ئازربیجاندا ژیاون(کسروی، بدون سال ، ل١٦٧)، لە کاتێکدا بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی لە کۆتایی سەدەی دووەم وسەرەتای سەدەی سێیەم لە تەبریز ژیاون، بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانی لەسەدەی چوارەم و پێنجەم لە ئازربیجان ژیاون(النقشبندي،٢٠١٣، ص٩٤).

کەسرەوی خۆی باس لەوە دەکات کە لەدوای ساڵی(٢٣٥ک) هیچ هەواڵێک لەبارەی بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی نییە، بۆ ماوەی زیاتر لەسەد (١٠٠) ساڵ، بەڵام بۆ ئەوەی بیبەستێتەوە بە تیرەی ڕەوادی هەزبانی و میرنشینی ڕەوادییەوە، یان تیرەی ڕەوادی هەزبانی کوردی بە هۆزی ڕەوادی ئەزدی عەرەبی دابنێت، نووسیوێتی: تا ساڵی (٣٤٤ک) هیچ هەواڵێکیان نییە لەبارەی بەنەماڵەی ڕەوادی ئەزدییەوە(کسروی، بدون سال ، ل١٧٩)، کە هەمان ساڵی گرتنەدەستی دەسەڵاتە لەلایەن (موحەممەدی کوڕی حسێنی ڕەوادی هەزبانی) و دامەزراندنی میرنشینی ڕەوادی لەو ساڵەدا(توفیق، ٢٠١٠، ل١٢٧).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم نووسەرە کاتێک شیکاری بۆ ناوی (مەملان) کردووە، کە ناوی یەکێکە لە میرەکانی ڕەوادی، نووسیوێتی: ئەم ناوە تێکشکێنراوی (محمد)ە ئەم گوتەیەی دروستە، زۆربەی جار بە (محمد) نووسیویانە و زۆر بەکەمی بە(مەملان) نووسیویانە(کسروی، بدون سال ، ل١٨٥)، باس لەوە ناکات کە هەرگیز عەرەب ناوی (محمد) بەم شێوەیە کورت ناکاتەوە یان تێکی ناشکێنێ، کە دیارە ئەمە کاری کەسانێکە ناعەرەبن، جگەلەوەی بەگوتنی ئەوەی (محمد) زیاتر بەکار هاتووە

لە (مەملان)، دەیەوێت ئەوە لەلای خوێنەر دروست بکات خاوەنی ناوەکە عەرەبە، نەک نەتەوەێکی تر، کەڕاستییەکەی ئەوەیە خاوەنی ئەو ناوە کەسێکی ناعەرەبە.

دوو لێکۆڵەری هاوچەرخی عەرەب بەپشت بەستن بە سەرچاوە ڕەسەن و دێرینەکان بەم جۆرە باس لە ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان دەکەن: لەسەرەتای سەردەمی عەباسیدا بنەماڵەیەکی عەرەب دەرکەوتن بەناوی (بەنی ڕەواد)، وا گوتراوە کە بنەماڵەی ڕەوادی(کوردی) دەگەڕێننەوە بۆ ئەم بنەماڵەیە، بەڵام شتێکی ڕوونە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دوو بنەماڵەیەدا نییە، ئەوەی ئەم دوو بنەماڵەیە دەبەستێتەوە بە یەکەوە، تەنها هاوشێوەیی ناوەکانیانە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕەوادییەکان لقێکن لە هۆزی هەزبانی کوردی، هۆزی ڕەوادی کۆنترین هۆزی کورد و باشترینیانن، کە ئازربیجانیان کردۆتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان((مرجونە و سالم: ب.س، ص١٢٥)) لەمەشدا پشتیان بە گوتەی ئیبن ئەسیر بەستووە کە لەمبارەیەوە نووسیوێتی:(( کوردە ڕەوادییەکان لە ئازربیجان دەرکەوتوون و لە خانەدانانی کوردن)) (ابن اثیر، ٢٠٠٢، ج٧/ ص ٤١٦).

نەقشبەندی تێبینی ئەوەی کردووە، کە مێژوونووس و وڵاتناسە عەرەبەکان کاتێک باس لە (بني الرواد)ی سەرەتا دەکەن شەددە دەخەنە سەر پیتی (واو)، بەڵام کەباس لە (الرواد)ی دواتر دەکەن کە لەسالی(٣٤٤ک/٩٥٥ز) پاشگری کوردی لەگەڵدا بەکار دێنن و وشەی (الرواد) بە یەک واو دەنووسن واتا شەددەی لەسەر دانانێنن(النقشبندي،٢٠١٣، ص٩٥-٩٦) مەبەستیش لەوەی کە بۆ یەکەمیان شەددە لەسەر واو بەکاردێت بۆ (بني الرواد)ی ئەزدییە کە عەرەبن، دووەمیشیان کە بەبێ شەددە پیتی (و) دەنووسرێ (الرواد)ی کوردییە، کە لە زمانی کوردییدا شەددە بەکارنایەت و وشەکە ناگیرێت، کەواتە تەنانەت شێوازی گۆکردنی ناوی ئەم دوو بنەماڵەیش لەیەکتری جیاوازن و مێژوونووسانیش لە نووسینی ناوی ئەم دوو بنەماڵەیەدا ئەو جیاوازییەیان کردووە.

**چوارەم: ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان و بنەماڵەی موسافیرییەکان**

**دانانی بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانی کوردی لە چوارچێوەی بنەماڵەی موسافیری**

یەکێکی تر لەوگرفتانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ڕەچەڵەکی میرنشینی ڕەوادی، دانانی بنەماڵەی ڕەوادیی هەزبانییە لە چوارچێوەی بنەماڵەی موسافیرییەکاندا، بەبڕوای ئێمە ئەوەی ئەو گرفتەی دروستکردووە و بۆتە هۆی ئەم تێکەڵکردنە، ئەوەیە بنەماڵەی موسافیرییەکان و ڕەوادییەکانیش لە ناوچەکانی ئازربیجان نیشتەجێ بوون و نزیک بوون لە یەکترییەوە، ئەمە جگە لەوەی ڕەوادییەکان ماوەیەک لەناو دەسەڵاتی موسافیرییەکان خزمەتیان کردووە و ڕۆڵیان هەبووە لە سوپای موسافیرییەکاندا، هۆکی تریش ئەوەیە، لە کۆتاییەکانی لەناوچوون و لاوازبوونی دەسەڵاتی موسافیرییەکاندا، ڕەوادییەکان دەسەڵات وەردەگرن.

مسافرییەکان کە لە ناوچەی ئازربیجان بوون، دەیلەمی بوون، زەهەبی ناوی سالار کە یەکێک بووە لە میری موسافرییەکان بە دەیلەمی دێنێت(الذهبي، 1993، ج25/ ص231)، توێژەرێکی کوردیش کاتێک باس لە ئەو نەتەوانە دەکات کە لە ئازربیجان ژیاون، باس لە دەیلەمەکان دەکات، کە موسافرییەکانیش لە چوارچیوەی دیلمەکاندا دادەنێت(النقشبندی، ٢٠١٣، ص١٠٤).

میرانی ڕەوادی سەرەتا سەر بە دەسەڵاتی موسافیرییە دەیلەمییەکان بوون، کوردە هەزبانییەکان بەشێکی لەشکری موسافیرییەکانیان پێک دەهێنا(تۆفیق، ٢٠١٠، ل ١٢٤).

ئەوەی لە خوێنەدنەوەی مێژووی ناوچەی ئازربیجان لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا کێشەمان بۆ دروست دەکات میرنشینی ڕەوادی و میرنشینی سالاری موسافیرییە، هەندێک لە لێکۆڵەران لەگەڵ ڕەوادییەکان بەیەکیان دەزانن، یەکێکی تر لەو کێشانە بوونی ناوێکی لێکچووە لە نێوان بنەماڵەی موسافیرییەکان و ڕەوادییەکاندا، ئەویش ناوی (وەهسۆزانە)، کە کێشەکەی قوڵتر کردۆتەوە، یەکەمیان (وەهسۆزانی کوڕی موحەممەد) بووە، کە دەیلەمی بووە و لە ساڵی(٣٣٠ ک) فەرمانڕەوایی کردووە،

دووەمیشیان (وەهسۆزانی کوڕی مەملان) بووە، کە میرێکی ڕەوادی بووە لە ساڵی (٤١٦ک) فەرمانڕەوایی کردووە(توفیق، ٢٠١٠، ل ١٣١).

یەکێک لەوانەی ئەم دوو بنەماڵەی تێکەڵکردووە، ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی ئیدوارد ڤۆن زامباوەرە، کە بنەماڵەی ڕەوادی هەزبانی کوردی لەناو شەجەرەی بنەماڵەی موسافیری دەیلەمی داناوە(زامباور، ١٩٨٠، ص ٢٧٥-٢٧٦).

تەنانەت مێژوونووسی کورد (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) بنەماڵەی موسافیریە مەرزەبانەکانی لەگەڵ بنەماڵەی ڕەوادییەکان بەیەک زانیوە و تێکەڵی کردوون، بەبڕوای ئێمە ئەمیش دوو کێشەی مێژوویی قوڵتر کردۆتەوە، چونکە یەکەم: بنەماڵەیکی دەیلەمی و بنەماڵەیکی کوردی تێکەڵ کردووە و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی موسافیرییەکانی کردووە بە کورد، دووەم: تێبینی دەکەین کە میرنشینی ڕەوادی و مێژووەکەیانی وونکردووە، کاتێک باسی ڕەوادییەکان دەکات لەژێر ناونیشانی (حکومەتی ڕەوادی)، هەست بەوە ناکەیت تۆ لەبارەی ڕەوادییەکانەوە دەخوێنیتەوە و باسی میرنشینی ڕەوادیت بۆ دەکرێت، بەڵکو باسی دەسەڵاتی موسافیرییەکان و مێژووی ئەوان دەخوێنیتەوە.(زەکی، ٢٠٠٠. ب٢، ل ل٢٥-٤٠). ئەوەی جێگەی تێبینییە هیچ کام لە لێکۆڵەرانی دوای زەکی بەگ قسەیان لەسەر ئەم تێکەڵکردنەی ئەو نەکردووە، بە تایبەت لێکۆڵەرانی کورد، ئەمەش جێگەی تێڕامانە بۆچی شرۆڤەیان نەکردووە و ڕەخنەیان نەکردووە؟!، بەڵام دوو لێکۆڵەری عەرەب ڕەخنەیان لەم تێکەڵکردنەی زەکی بەگ گرتووە، ئاماژەیان بەوە کردووە، کە زانیارییەکانی لەم بارەیەوە کەموکورتن و بەلایەنگیری نەتەوەیی لەم بارەوە نووسیویەتی، هەروەک ئەم دوو لێکۆڵەرە جەختیان لە کوردبوونی ڕەوادییەکان کردۆتەوە و ئەو مەبەستەی لێناخوێنرێتەوە کە بەهۆکارێکی نەتەوەیی ئەو ڕەخنەیان گرتبێت.(مرجونە و سالم: ب.س، یَ یَ١٣٢- ١٣٤).

بەبڕوای ئێمە چۆن لێکۆڵەرانی کورد ڕەخنە لە بۆچوونی (زامباوەر) دەگرن، کە ڕەوادییەکانی لە چوارچێوەی بنەماڵەی موسافیرییەکاندا داناوە و بەدەیلەمی داناون، پێویستە ئاواش ڕەخنە لە بۆچوونەکانی زەکی بەگ بگرن، کە موسافیرییە دەیلەمییەکانی بەکورد داناوە، چونکە لە ڕاستیدا هەردوو بۆچوونەکە توشی ئاڵۆزی و سەر لێتێکچوونمان دەکەن و لە دۆزینەوەی ڕاستی دورمان دەخەنەوە.

موسافیرییەکان دەیلەمین، ویستویانە دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن و فراوان بکەن لە ئازربیجان، هەربۆیە لەگەڵ کوردەکان کەوتوونەتە جەنگەوە، دواتریش کە موسافیرییەکان دەسەڵاتیان لاواز دەبێت، کوردە ڕەوادییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست(مرجونە و سالم، ب.س، ص ص١٣٢- ١٣٤).

(ئەبو هیجای ڕەوادی) کە بەهێزترین سەرکردەی ئازربیجان بووە و بووە بە پاشا بۆتە هۆی ئەوەی گرفتاریی تووشی (ئیبراهیم سالاری مسافیری) ببێت، کە کۆتا میری مەرزەبانەکان بووە، دەگوترێت ئەو گرفتارییە بە دەستی ئەبوهیجا بووە لە ساڵی (٣٧٠-٣٧١ک)(کسروی، بدون سال ، ل١٨٣). بەم پێیە بێت کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی بنەماڵەی مەرزەبانە موسافیرییەکان بە دەستی ڕەوادییەکان بووە، دیارە خۆشیان لاواز بوون، ئەم لاوازییەش یارمەتی ڕەوادییەکانی داوە کە بتوانن دەسەڵاتیان لە ئازربیجان فراوان بکەن و دەسەڵاتی موسافیرییەکانیش نەهێڵن. هەر ئەمەش وایکردووە هەندێک ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان تێکەڵ بە موسافیرییەکان بکەن.

**پێنجەم: ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان**

یەکێکی تر لەوگرفتانەی توشمان دەبێت لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئازربیجان لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمدا، کەمی سەرچاوەکان و کەمی زانیاری وردە لە بارەی مێژووی ئەو سەردەم و ناوچانە، بە تایبەتی سەرچاوە نزیکەکان لەو سەردەمە و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە .

خاوەنی کتێبی (شهریاران گمنام) نووسیوێتی: ئەوەی کە مەسکەوەیهی و ئیبن ئەسیر باسی دەکەن سەبارەت بە وەهسۆزانی ڕەوادی و بە پاشای ئازربیجانی دادەنێن، ناڕوونترین سەردەمی مێژووی دوای ئیسلامە لەو ناوچەیەدا(کسروی، بدون سال ، ل١٨٣) ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایی ئەوەندە زانیاریمان دەست دەکەوێت لەسەرچاوەکانەوە تا بتوانیین جیاوازی بکەین لە نێوان ڕەچەڵەکی ئەو هۆز و بنەماڵانەی لە ناوچەی ئازربیجان ژیاون.

دەوڵەتی سالاری مەرزەبانی لەسەر دەستی سالار مەرزەبان دروست بوو، پاشان بوو بە خاوەنی دەسەڵاتێکی مەزن لە ئازربیجان، دوای لاواز بوون و ڕووخانیشی، کوردە ڕەوادییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست(مرجونە و سالم، ب.س، ص ١٢٩).

هەروەک لە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد (ئیبن ئەسیر)یش پێی وایە ڕەوادییەکان لە خانەدانەکانی کوردن و بەکوردیان دەزانێ، لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا باس لە میرەکانی ڕەوادی دەکات بە کوردەکان ناویان دەبات(ابن اثیر، ٢٠٠٢، ج٧، ص ٤١٦ وما بعدها)

زۆرێک لە سەرچاوەکان کاتێک باس لە ڕەچەڵەکی سەلاحەددینی ئەیوبی دەکەن، تاکەکانی ئەم خێزانە بە پێی ڕێککەوتنی زۆرێک لە مێژوونووسان دەگەڕێننەوە بۆ کوردانی ڕەوادی، لەو مێژوونووسانەش (مەقرەزی و سەفەدی و زەهەبی و..هتد)(المقريزي، ١٩٩٧، ج١،ص١٤٩؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ج١٦،ص١٢٦؛ الذهبي، ١٤١٣ه، ج٢٠، ص٥٨٨)، هەروەها مێژوونووسی کورد(شەرەفخانی بەدلیسی) کاتێک باس لە (سەلاحەدینی ئەیوبی) دەکات دەیگەڕێنێتەوە بۆ ڕەوادییەکان(شەرەفخان، ١٩٧٢، ل١٢٤)، ڕەوادییەکانیش لقێکن لە هۆزێکی مەزنی کورد کە هەزبانییەکانن، (ئیبن خەلەکان) نووسیوێتی: پیاوێکی فەقیهی خەڵکی دوین پێی گوتووم لە پاڵ دەروازەی شاری دویندا گوندێک هەیە بەناوی ئەجنداقانەوە کە تێکڕای خەڵکەکەی کوردی ڕەوادین( ابن خلکان ، ب.س، ج٧، ص١٣٩). لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ((هەردوو کوڕەکەی شادی ئەسەدەدین شێرکۆ و نەجمەدین ئەیوب کە گەورەکەیانە، لە گوندی دوینەوە هاتوون کە گوندێك بووە لە کۆتایی ئازربایجان کە لە دوایەوە ڕۆم هەیە، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ کوردە ڕەوادییەکان، کە ئەم هۆزە لە خانەدانەکانی کورد بوون))(ابي شامة،١٩٩٧ ، ج1/ص403. ). ئەگەرچی ڕەوادییەکان پێش سەردەمی سەلاحەدیینی ئەیوبی بوون و سەلاحەدین دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوادییەکان، بەڵام هۆی باسکردن لە سەلاحەدینی ئەیوبی و بەکارهێنانی وەک بەڵگەیەک لەسەر کوردبوونی ڕەوادییەکان، لەو ڕوانگەوەیە کە سەلاحەدینی ئەیوبی و بنەماڵەکەی زۆر بەناوبانگ بوون و مێژوونووسان زۆر لێکۆڵینەوەیان کردووە لە سەر بنەچەی ئەیووبییەکان، کە بەنزیکەیی تێکڕایان گەڕاندویانەتەوە بۆ تیرەی بەناوبانگی ڕەوادی، بەم جۆرە ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز لەسەر کوردبوونی ڕەوادییەکان کە باوباپیرانی سەلاحەدینن.

یەکێک لەو بەڵگانەی کە دەریدەخات ڕەوادییەکان کورد بوون، زۆر جار کە باسیان کراوە نازناوی کوردییان لەگەڵ بەکار هاتووە، بۆ نمونە کاتێک کە (ئیبن ئەسیر) باس لە کوشتنی یەکێک لە میرەکانی ڕەوادی دەکات بە (ئەحمەدیل کوڕی ئیبراهیم کوڕی وەهسۆزانی ڕەوادی کوردی) ناوی دەبات(ابن اثیر، ٢٠٠٢، ج٧، ێ ١٦٢). ئەگەر گومان لە کورد بوونیان هەبوایا، ئیبن ئەسیر بە کورد ناوی نەدەبردن .

موتەنەبی شاعیری بەناوبانگی عەرەب کە ساڵی (٣٥٤ک) مردووە، لە دوو قەسیدەدا پەسنی میر (عضد الدولة) ی بوەیهی دەکات بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر وەهسۆزانی کوردییەدا( توفيق، ٢٠١٠، ل١٢٥). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ڕەوادییەکان بەناوبانگ بوون و کوردبوونیشیان زانراو بووە، شاعیرێکی دانیشتووی شاری بەغداد ناوبانگی بیستون، ئەگەرچی لە دژیشیان هۆنراوەی گوتووە، بەڵام ئێمە ئەو زانیارییەی لێوەردەگرین کە ڕەوادییەکان کوردبوون .

مەرجونە و سالم بەوەرگتنیان لە مێژوونووس هیو کەنەدی (the caliphates) (Hugh Kennedy) دەڵێن: ( Hugh Kennedy) نووسیوێتی: دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی دەیلەمییەکان لە ئازربیجان، دەسەڵات گوازرایەوە بۆ دەستی کوردە

ڕەوادییەکان(مرجونە و سالم، ب.س، ێ١٣١.)، تێبینی ئەوە دەکەین ئەم مێژوونووسەش کاتێک باسی ڕەوادییەکان دەکات، بەکوردیان دادەنێت.

لێرەدا ئاماژە بە دوو ڕووداویی مێژوویی دەکەین، کەوەک ڕوونکردنەوە و بەڵگەیەکە لەسەر کوردبوونی ڕەوادییەکان، سەرچاوەکان باس لە پەیوەندی میری ڕەوادییەکان وەهسۆزان دەکەن، لەگەڵ سەرکردەیەکی تری سەر بەهۆزەکەی کە هەزبانییە و لە هەمانکاتیشدا خوشەکەزای وەهسۆزانە، ئەویش (ئەبو هیجای کوڕی ڕەبیب لدولەی هەزبانییە)، بوونی ئەم خوشکە زایەی وەهسۆزان و هەزبانی بوونی کە پشتراستکراوەتەوە، هەزبانی بوونی وەهسۆزان دەسەلمێنێت، چونکە ڕەوادییەکان بە لقێک لە هۆزی هەزبانی دادەنرێن، دوو ڕوو داوەکەش بەم چۆرە باس لە پەیوەندی نیوانیان دەکات :هاتنی غەزەکان بۆ ناوچەی ئازربیجان و پاشتر دەستکردنیان بە ڕاو و ڕووت و ئاژاوەگێڕی، کاری کردۆتە سەر کووردەکان و لەڕووی سیاسەتی ناوخۆوە ڕوویانکردۆتە یەکگرتن، ئەوە بوو (وەهسۆزان میری ڕەوادی)(٤٢٠ك) لەگەڵ (ئەبو هیجای کوڕی ڕەبیب لدولەی هەزبانی) یەکیان گرت و ڕووبەڕووی غەززەکان بوونەوەوە، کەوتنە شوێن غەزەکان و ڕاوەدویان نان(زەکی بەگ، ٢٠٠٠ ، ل٣٤). بەڵام نازانرێ لە دواییدا بۆچی نێوانی ئەم دوو سەرکردەیە تێک دەچێت، کە وەهسۆزان خاڵی ئەبو هیجا بووە، ئەبو هیجا قەڵایەکی هەبووە نزیک ناوچەی ئەرمەنەکان، دوای ئەوەی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خاڵ و خوشکەزاوە، وەهسۆزان نامەی ناردووە بۆ ڕۆمەکان، هانی دان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر قەڵاکە و لە دەستی خوشکەزاکەی دەری بێنن، ڕۆمەکانیش ئەو کارەیان کرد و هێرشیان کرد و سوپایەکی بەهێزیان نارد و توانیان لەساڵی(٤٢٥ك) قەڵاکە داگیر بکەن، ئەم هەواڵە گەیشتە خەلیفەی عەباسی و زۆری پێ ناخۆش بوو، نامەی بۆ هەردووکیان نارد کە پێک بێنەوە، پاشان لەسەر داوای خەلیفە لە دواییدا پێک هاتنەوە، سوپایان نارد بۆگرتنەوەی قەڵاکە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون(النقشبندی، ٢٠١٣، ص١٣٩).

(ابن اثیر) و (ابن خلكان) و ئەو مێژوونوسانەش کە لەدوای ئەوان هاتوون وەک(ابي شامه) و (ابن الفرات) و (المقرزي) و (الحنبلي) و بەدەر لەمانیش، لەسەر ئەوە کۆکن کە (ڕەوادییەکان) تیرەیەکن لە هۆزی (هەزبانی) کە هۆزێکی مەزنی کوردە(النقشبندي، ٢٠١٣، ص٩٦).

**ئەنجام**

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ئاماژە پێکراوەکاندا خوێندومانەتەوە و شەن و کەوکردنی ئەوزانیاریانە، چەند خاڵێکمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ڕەوادی تەم و مژی لەسەرە و بەشی ئەوە ناڕوونی تێدایە ببێتە جێگەی مشتومڕی نیوان لێکۆڵەران، جا مەبەستەکەیان گەیشتن بێت بە ڕاستی و دۆزینەوەی، یان بە مەبەستی نەژادی و بڕیاردانی پێشوەختە بێت لەسەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ئەوە بەڵگەی مێژووییمان هەیە کە بتوانیین بە هۆیانەوە ڕەچەڵەکی ڕەوادییەکان یەکلا بکەینەوە.

**دووەم:** ئەگەرچی نزیکی لە نێوان بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی عەرەبی و ڕەوادی هەزبانی کوردی هەیە، وەک ناوی ڕەواد و شوێنی نیشتە جێ بوونیان، بەڵام ئەوەی بەڵگە مێژوویی و تێڕوانین لەو بەڵگانە پێمان دەڵێن، ئەم دوو بنەماڵەیە جیاوازن و شتێکی لۆجیکیی نییە هۆزێک یان بنەماڵەیەکی عەرەبی لەماوەی سەد ساڵێکدا ڕەچەڵەک و خو و نەریت و زمانی خۆی بگۆڕێت و بە تەواوی ببێتە نەتەوەیەکی تر، وەک ئەوەی لە بارەی بنەماڵەی ڕەوادی ئەزدی عەرەبی دەگوترێت گوایە وردە وردە بوونەتە کورد، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین هۆز و بنەماڵە هۆزەکییەکان چەندە دەمارگیرن لەسەر ڕەچەڵەک و خو و نەریت و زمانیان، بە تایبەت عەرەبەکان کە زۆر شانازی بەڕەچەڵەکی خۆیانەوە دەکەن و دەتوانن چەند پشتی خۆیان باس بکەن و بگەڕێنەوە بۆی.

**سێیەم:** تێکەڵکردنی هەردوو بنەماڵەی موسافیری دەیلەمی و ڕەوادی هەزبانی، هەڵەیێکی زەقە کە هەندێک مێژوونووس تێی کەوتوون، جگە لە مێژوونووسانی بیانی، مێژوونووسی کورد زەکی بەگیش کەوتۆتە ئەم هەڵەیەوە و بنەماڵەی سالاری موسافیری بە کورد داناوە، بەبڕوای ئێمە هەڵەکەی زەکی بەگ ئەگەر زیاتر و خراپتر نەبێ لە هەڵەی بیانییەکان ئەوا کەمتر نییە، بێدەنگ بوون و باسلێنەکردنیشی لەلایەن لێکۆڵەران و ئەکادیمیانی کوردەوە هەڵەیێکی ترە، ئێمە پێمان وایە بەڵگەکان ڕاشکاون لەبارەی جیاوازی ئەم دوو بنەماڵەوە، موسافیرییەکان کە دەیلەمین و ڕەوادییەکان کە کوردن.

**چوارەم:** ئەگەرچی هەندێک مێژوونووس باس لەوە دەکەن، ڕەوادییەکان سەر بەنەتەوەی جیاوزن بەدەر لە نەتەوەی کورد، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان و مێژوونووسانی مێژووی ئیسلامی جەخت لە کوردبوونی ڕەوادییەکان دەکەنەوە، ئێمەش لە سۆنگەی خوێندنەوەمان بۆ ئەو سەرچاوانە و وەک ئەوەش کە بەڵگەمان پێهێناونەتەوە، بۆمان ڕوون بۆتەوە کە ڕەوادییەکان بنەماڵەیێکن سەر بەهۆزێکی بەناوبانگی کوردن کە هەزبانییەکانن.

**پێنجەم:** بەو پێیەی زۆربەی مێژوونوسان، ڕەچەڵەکی سەلاحەدینی ئەیووبی دەگەڕێنەوە بۆ ڕەوادییەکان و باوباپیرانی سەلاحەدین بە کوردە ڕەوادییەکان ناودەبەن، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر کوردبوونی ڕەوادییەکان، چونکە گومان لە کوردبوونی ئەیوبییەکان نییە وەک ئەوەی بەڵگەمان بۆ هێنایەوە، لە توێژینەوەکەماندا.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**


ا-سەرچاوە دێرینەکان

١.بەدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامە، و: هەژار، چاپخانەی نعمان، نەجەف، ١٩٧٢.

ب-سەرچاوە نوێیەکان

١. تۆفیق: زرار صدیق :کورد و کوردستان لەڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا(١٦-٦٥٦/ی٦٣٧-)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٢. زەکی: محەممد ئەمین، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمان، ٢٠٠٠، ب٢ .

٣.مستەفا، عرفان، بوونی نەتەوەیی کورد، چ٢، چاپخانەی حمدی، ب.ش، ٢٠١٨.

٤.مینۆرسکی، ڤلادیمێر، بنچینەکانی کورد و چەندوتارێکی کوردناسی، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، مکتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧.


**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**ا- سەرچاوە دێرینەکان**


١.ابن اثیر، عزالدین ابی الحسن علی بن ابی الکرم محمد بن محمد بن عبدالکریم بن عبدالواحد الشیبانی (٦٣٠ هـ)،الکامل فی التاریخ، تحقیق: خلیل مامون شیحا، گ١، دار المعرفە، بیروت، ٢٠٠٢.

٢.الازدی، شیخ ابی زکریا یزید بن محمد الیاس، تاریخ الموصل، دون مکان وتاریخ الطبع.

٣ .الحموي، شهاب الدین ابو عبد الله یاقوت بن عبد الله (٦٢٦ هـ)، معجم البلدان، ط١، دار صادر، بیروت، ١٩٩٥.

٤.ابن خلکان، ابو العباس شمس الدین احمد بن محمد بن ابی بکر (٦٨١ هـ)، وفیات الاعیان و انباء ابناء الزمان، تحقیق: احسان عباس، دار الثقافة – لبنان،دون سنة.

٥. الذهبي، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي (ت ٧٤٨هـ)، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تح: عمر عبد السلام التدمري، ط2، دار الكتاب العربي، بيروت، 1993.

٦.الذهبي، محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز ابو عبد الله (٧٤٨ ه)، سير اعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الارناؤوط، محمد نعيم العرقسوسي، ط٩، مؤسسة الرسالة - بيروت -، ١٤١٣ هـ.

٧.أبي شامة، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي الدمشقي (ت ٦٦٥هـ): الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٧.

٨.الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبک(ت.764هـ)، الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط وتركى مصطفى، دار إحياء التراث - بيروت، ٢٠٠٠.

٩. مسكويه، ابو علي احمد بن محمد(ت.421هـ)،تجارب الأمم وتعاقب الهممتح: أبو القاسم إمامي، ط1، دار سروش للطباعة والنشر، طهران ، ٢٠٠٢.

١٠.المقريزي، تقي الدين أبى العباس أحمد بن على بن عبد القادر العبيدي (ت.٨٤٥ ه)، السلوک لمعرفة دول الملوک، تحقيق: محمد عبد القادر عطا ، ط١، دار الكتب العلمية - بيروت ، ١٩٩٧.

11.ابن النديم، أبو الفرج محمد بن اسحاق بن محمد بن اسحاق الوراق البغدادي (٣٨٤ هـ)، الفهرست، تحقيق: محمد احمد احمد، مكتبة التوفيقية، دون مكان وسنة الطبع.

12.اليعقوبي، ابو العباس أحمد بن إسحاق بن جعفر بن وهب بن واضح (٢٨٤ هـ)، تاريخ اليعقوبى، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢.

**ب-سەرچاوە عەرەبییە نوێیەکان**

1.الجباعي، جاد الكريم، المسألة الكردية، ط1، حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، 2007.

2.الحفني، عبدالمنعم، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ط3، مكتبة المدبولي، القاهرة، 2002.

3.زامباور، معجم الانساب والاسرات الحاكمة فى التاريخ الاسلامي، اخرجه: زكى محمد حسن بک و حسن محمود احمد، دار الرائد العربي، بيروت، ١٩٨٠.

4.حسين، حسن حنفي، الهوية، مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، 2012.

5.مرجونه، ابراهيم محمد على و سحر السيد عبدالعزيز سالم، تاريخ الاكراد(دراسه تاريخية حضارية فى ظل الخلافة العباسية)، مؤسسة شباب الجامعة، اسكندرية، دون سنة.

6.النقشبندي، حسام الدين، زربيجان فى عصر السلجوقى، المركز الاكاديمى للابحاث، بيروت، ٢٠١٣.

سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

١ .احمد كسروى:شهرياران گمنام، بدون سال و جاى چاپ.

چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Geertz, Clifford, The Interpretation of Cultures,Basic Book ,New York, 1973.

**ملخص البحث**

ان دراسة التاريخ الكوردي خلال العصور الإسلامية يشوبه الكثير من الغموض والالتباس ، بسبب ان المصادر الاسلامية تناولت التاريخ الكوردي بشكل ثانوني وفي اطار دولة الخلافة بما في ذلك تاريخ العائلة الروادية.

فهذه العائلة التي تعد من العوائل الكوردية المهمة والتي كانت لها دور ومكانة كبيرة وتعد من ابرز العوائل الكوردية في هذه المرحلة التاريخية ،وان الباحث يسعى الى تسليط الضوء على تاريخ العائلة الروادية وتصحيح المعلومات الواردة حولها والتحقيق في اصلها كونهم تمكنوا من تاسيس امارة قوية في القرن الرابع الهجري .

وتشير المصادر التاريخية بان نسب صلاح الدين الايوبي يعود الى هذه العائلة ،ولكن هنالك وجهات نظر مختلفة حول اصل هذه العائلة بين عائلتين عاشتا في زمان ومكان متقارب مع الرواديين وهما عائلة الروادي الازدي العربي والمسافرين الديلمي، ونسعى من خلال هذا البحث التحقيق في هذا الموضوع وفقا للمصادر التاريخية وعرض ابرز آراء المؤرخين حول هذا الموضوع.

**Abstract**

The study of the Kurdish history during the Islamic eras is ambiguous, as the Islamic sources discussed the Kurdish history in a secondary way and within the framework of the caliphate state. And the history of the Rawadiy tribe is also in that context, but nevertheless correcting the history of this tribe is very important, because this tribe is one of the most important Kurdish tribes at that time. In this research, we want to investigate the origin of the Rawadians, who were among the most famous Kurdish tribes and established a strong emirate in the fourth century AH. They live in an area close to the pioneers and played a political role in those areas. They are the families of the pioneers, the Azdi Arabs and the Daylami travelers. In this research, we want to investigate, according to historical sources, the origin of the pioneers and present the opinions .of some historians on this subject

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034